سەروتار

## 2012 جیهان کۆتایی نایەت

ساڵی 2012 جیهان کۆتایی دێت، ئەم هەواڵە سەرانسەری میدیا جیهانییەکانی گرتەوەو لەبناغەدا بۆ هەواڵیکی ئاژانسی ئەمەریکی ناسا دەگەڕێتەوەو یەکێك لەرۆژنامە زانستییە ئەمەریکییەکان هەواڵەکەی بڵاوکردەوە گوایە بەپێی یەکێك لەتیلسکۆبەکانی سەر بەئاژانسی ناوبراو هەسارەیەکی دیکە دەرکەوتووە قەبارەکەی هاوتای خۆرەو ناوی نیبرۆ ـ یەو بۆ یەکەمجار لە30 ی دیسەمبەری 1983 دا دەرکەوت و لەدوای لێکۆڵینەوە ئاشکرا بووە کە هێزێکی موگناتیسی زۆری  هەیە کە نزیکی هێزی موگناتیسی خۆرە و ئەگەر لەخولگەی زەوی نزیك بێتەوە مەترسی و کارەساتی گەورە بۆ زەوی دەخولقێنێت، بەهۆی هێزی موگناتیسی ئەو هەسارەیە، جەمسەری زەوی پێچەوانە دەکاتەوە واتە جەمسەری موگناتیسی باکوری زەوی کە دەکەوێتە باشوری گۆی زەوی، دەبێتە جەمسەری موگناتیسی باشور و بەپێچەوانەشەوە، بەمشێوەیە زەوی لەخولانەوەکەی خۆی بەردەوام دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەی ئاراستەی سورانەوەی ئێستای تا ئەو هەسارەیە لەزەوی دووردەکەوێتەوە و خولی سووڕانەوەی بەدەوری خۆردا تەواو دەکات کە 4100 ساڵ دەخایەنێت و بەر لەئێستاش واتە 4100 ساڵ لەمەوبەر خولێکی تەواوکردووە. مرۆڤ کۆمەڵێك سیناریۆی سەرنجڕاکێشەری بۆ کۆتایی جیهان داناوە وەك: بڵاوبوونەوەی پەتایەکی لەناوبەر کە مرۆڤایەتی کۆنترۆڵی بۆ ناکرێت، ڕوودانی جەنگێك کە چەکی ئەتۆمی تیادا بەکاردێت یان لەئەنجامی کارکردن لەسەر گۆڕینی جینەکان دەشێت ئەو وردە زیندەوەرانە پەیدا ببن کە بەخێرایەکی زۆر زیاددەکەن، یان ڕوودانی تەقینەوەی ئەستێرەیی، ڕوودانی تەقینەوە لەناو کونە ڕەشەکان و زیادبوونی تیشکە کوژەرەکانی گامای گەردوونی، بەیەکداکێشانی نەیزەك یان کلکدارێکی گەورە بەزەویدا و داگیرکردنی زەوی لەلایەن کۆمەڵێك لەبوونەوەرانی دیکەی دەرەوەی زەوی یان پێچەوانەبوونەوەی جەمسەرە موگناتیسییەکانی زەوی کە دەبێتەهۆی ڕوودانی گۆڕانکاری لەکەشوهەواو ڕوودانی بوومەلەرزە و پەنگخواردنەوەی گەرمی کە دەبێتەهۆی ڕوودانی توانەوەی بەفری  جەمسەرەکان لێرەوە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاکان و نوقمبوونی زۆرێك لەشارەکان و ڕوودانی گەردەلوولی لەناوبەر.

هەسارەی نیبرۆ ـ ش کە باسدەکرێت زەوی لەناو دەبات لەساڵی 1983ەوە ناسا پێشبینی ئەوەی کردووە کە لەساڵی 2009دا لەنزیك هەسارەی زەوییەوە تێپەڕ دەبێت و لەساڵی 2011دا سەرجەم دانیشتوانی زەوی دەتوانن ئەو هەسارەیە ببینن کە وەك خۆرێکی دیکە دەردەکەوێت، بەنزیکبوونەوەی ئەو هەسارەیە لەزەوی، زەوی هێزی موگناتیسی لەدەست دەدات و بەمەش تێکچوونێك لەهاوسەنگییەکەیدا ڕوودەدات و گەردەلوول و لافاوی بەرفراوان و گۆڕانکاری کتوپڕ لەکەشووهەوادا ڕوودەدات و 70٪ی دانیشتوانی زەوی لەناودەبات. کاتێکیش خولەکەی تەواو دەکات و نزیك دەبێتەوە لەزەوی کاردەکاتە سەر جەمسەرێتی و دەبێتەهۆی ڕوودانی تەقینەوەی بێشومار لەگڕکانە هایدرۆجینەکانی سەر ڕووی خۆرو لێرەوە هەندێك لەگڕکانەکان دەگەنە سەر ڕووی زەوی و دەبنە هۆی ڕوودانی کارەساتی ژینگەیی گەورە، بەڵام ئەگەر زانستیانەو بەوردی بیر لەسیناریۆکانی کۆتایی هاتنی جیهان بکەینەوە، ئەوا دەبینین زۆریان ناگەنە ئەو ئاستە، بۆنموونە پەنگخواردنەوەی گەرمی و کاریگەریەکانی دەشێت ببنەهۆی گۆڕانکاری گەورە لەسەر زەوی، بەڵام ناگاتە ئەوەی هەموو جیهان کۆتایی پێ بێت، یان بڵاوبوونەوەی پەتایەکی جیهانی، ئەگەر کەسێك لەڕەوتی پێشکەوتنی زانستی لەبواری پزیشکی و بایۆلۆژیدا وردبێتەوە دەبینێت بەپێچەوانەوەیە مرۆڤ ئومێدی هەیە لەداهاتوودا سەرجەم ئەو نەخۆشییە درێژخایەن و تێکچوونە بۆماوەییانە کۆنترۆڵ بکات کە تائێستا نەکراون. ئەگەر لەزنجیرەی ئەو پێشکەوتن و دۆزینەوەو داهێنانانەی مرۆڤ لەسەر هەسارەوی زەویش بەدرێژایی مرۆڤایەتی بڕوانین دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەقڵی مرۆڤ لەوە پەرەسەندووترە لەئان و ساتێکدا کۆتایی جیهان ڕابگەیەنێت کە تەنیا دووساڵی مابێت لەکاتێکدا هەندێجار پێشبینی زاناکانی گەردووناسی بەدەیەهاو بەسەدەها ساڵ دەخایەنێت بەر لەڕوودانی هەردیاردەیەکی گەردوونی.

سەرنووسەر